وەزارەتی ئاودانکردنەوە دروستکردنی 4 پردی بەتەکنەلۆژیای سەردەمیانە راگەیاند

ئەمڕۆ یەکشەممە،وەزارەتی ئاودانکردنەوە و نیشتەجێکردن خواستی خۆی لەسەر دروستکردنی 4 پرد بە تایبەتمەندی و تەکنەلۆژیای سەردەمیانە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا ڕاگەیاند، هاوکات ئاماژە بە ژمارەی تونێلەکان دەکات لە چوارچێوەی یەکەم پاکێجی پڕۆژەکاندا بە نەهێشتنی قەرەباغی هاتوچۆ.

"حسێن جاسم کازم"بەڕێوبەری گشتی بڕگاوبان و پردەکان لە وەزارەت ڕاگەیاند: پرسی دیاریکردنی پڕۆژەکان لەسەر بنەمای کاری هاتوچۆ و کامێرای چاودێرییە، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پڕۆژەکە چییە ، جا پرد بێت یان تونێل،جگە لە بوونی ڕێگری، کە هەندێک ڕێگری ناتوانرێت لاببرێن،وەک بڕی ئاوەکەی قورس و بڕی ئاو و هێزی ئاسن یاخود بڕی نەوت. ووتیشی :-لە چوارچێوەی پاکێجی ئێستای پڕۆژەکان بڕ ڕێگاربوون لە قەرەباغی و جێنجاڵیە،زیاتر لە 8 تونێل و 3 پرد 2 یەکتربڕین لە چوارڕیانی سەرباگەی ڕەشید و یەکێک لە ڕێستەمیە لە چوارڕیانی محەمەد قاسم لەگەڵ کێناڵی سوپا، جگە لە تونێلێکی دی لە گەڕەپانی حسێنین لە ناوچەی کەرادەی لە دەرەوەی بە پردی هەواسراو، هەروەها چەندین تونێل و ژێر پرد لەناو پڕۆژەکانی پاکێجی دووەمدا هەیە ئێگەر تەرخانکردنی پارە هەبێت بێ. ئاماژەی بەوەشکرد:- لەماوەی دوو ساڵی داهاتوودا 4 پرد بە تایبەتمەندی و تەکنەلۆجیای سەردەمیانە بە یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق دروستدەکرێن. ڕاشیگەیاند :-کە لەماوەی 100 ساڵدا تەنها

13 پرد دروستکراون،ببەش کەی ژمارەی پردەکانی بەغدا 17 پردن.